تراویلکە

من لە خۆ ونبووم

ئەوەندەی شەوانە بەنیو کتیبە زەردەکانا بگەڕێم

سەفەری هەمیشەم بەنێو کوشتارو هەرەسو دەردو

دۆڕان..!

شاعیرانە دەڕوانمە مێژووی پڕ لە نوشوستیم

منالانە یاری بە بەزینەکانی خۆ دەکەمو

وەریاندەگێڕمە سەر سەرکەوتنە دەستکردەکان

لە رووبارە خوێناوییەکانی خۆمدا مەلەدەکەم

لە رمانو داتەپینی قەڵاو مینارەو شاخەکانم رادەمێنم

لەو کچە جێماوو بێبنانەی پاش [فتوحاتو غەزەوات]

پێدەشتی پڕ لە ئاسکە گیرۆدەکان –ئاسمانی دووکەڵا

بریسکەی شمشێر-کۆڕژن و حیلەی ئەسپەکانی

ئەنفال و ئەنفال

ئەو شۆخانەی دارو دەوەن.. درك ودالا قژیانی دەسکەنەکردو..

نەگەیشتن وشادنەبوون بە بازاڕەکانی بیابان.

نەبوون بە کەنیزەکی نێو پێخەفی سوڵتانەکان

شەوانە.. دوو بەتلی شەو راشکاوەو.. من هەر دەگەڕێم..

ئەوە خوایە مارکۆپۆلۆ).. یان هەر گەڕیدەیەکیتر

چیرۆکی وەحشییەتگەریم بکا بە سەفەرنامە..

وشەکانم لبێدەبنە ئەسپەکانی مەغۆلو پیاوە ڕم بەدەستەکانی بیابان

چ تەپوتۆزێ.. چ بۆکڕووزو دووکەڵێ لە ئاگردانو..

پەرستگا سووتاوەکانم هەڵدەستێ..

لەودیو هەر حەرفێکەوە زریکەی کچێکی بێبنکراو دەمکوژێ..!

گریانی ئەو منالانەی بە بێشکەوە هەڵدرانە نێو خەڕەندەکان..

هۆ مێژووی قەڵا سەختەکان

لەبەردەم دەروازە داخراوەکانت دۆش داماوم..!

کلیلی دونیام دزیو دەرگایەکم بۆ نەکرایەوە.

هەموو سیحرێکم خستەگەڕ.. تەلیسمێکی تۆم بۆ نەکرایەوە..

وای لەخۆم رەنج بەخەسارێ..

هەر هەموو کلیلەکان بەدەستمەوە عاسێمان..

دە ئەی مێژووی پڕ لە سەروەری درۆزنانەی خێڵە بەربەرییەکان..

من بۆ نەبووم بە درۆیەك لە درۆ رەنگینەکانت..؟

شەوانە تا بەرەبەیان دادەنیشمو..

بە گوێزانێکی کول سنوورە دست کردەکان دەکڕێنمو..

شارو گوندە لێکترازاوەکانم..

وەك نیسك و نۆك من تێکەڵیان دەکەمەوە..

لەو تاکە ژوورەی پێی دەوترێ: ماڵا..

هەرگیز چرا خەفەناکەم..

بۆ ئاگری کوژاوەی (زەردەشت).. چ شینو واوەیلایە حاڵی من..!

بابیشم: پەست و سووتاوی ئاگری شەهوەتێکیتر..

شێتانە تێمدەخوڕێت کە بنووم..

ناچار رۆحی دیلم بە کۆتر دەکەم و هەڵیدەفڕێنم..

خۆم دەبینم لە ئاسمانی (هەڵەبجە)مو خنکاوم

لە گۆمی (وان) سەرئاو کەوتووم..

لەسەر ئاڵای سووتاوی (چوارچرا)دا

نیشتوومەتەوەو دەگمێنم..

لەنێو بازاڕی کۆتربازەکانی (قامیشلی)

پەڕوباڵم هەڵوەریوە.. پیرەعەرەبێك چ بە هەرزان.. دەمکڕێ..

کە خۆشم ئازاد دەکەم.. لە شەققەی باڵدەدەمو دەفڕم..

لەژێر هەیوانی ماڵێکی داڕماوی قەڵاکەی کەرکووك..

یان خشتێکی داڕزیوی مینارەی هەولێرەکەم..

هێلانە بۆ خۆ خۆشدەکەم...

شەوانە تا درەنگانێ پیرەدایکم دەستو دەرزی لە شەڕدان

سەرگەرمی پینەی هەڵتەقیوی کورتەك‌و شەروالەکانم..

بە تیلەی چاوێکی ترس تیاماو لە بابم رادەمێنێ..

ئەویش بەدیار لاوکە بریندارەکانی (کاوێس ئاغا)و

(هاواری تورکان دوورە.. کورد خائینۆ)

چ دڵگەرمانە هۆن هۆن دەگری

تیلەی چاوێکی هەر لە منەو

بێهوودە نەخشە لەتۆپەتەکانی بەردەستم..

بەیەکدییەوە دەنووسێنم..

لە باوکم رادەمێنێو

ئەویش سووکێ لە داخی گرانیی پەڕەی سیغار

لەتێکی نەخشەکەم لێدەدزێ..

بە چ زەحمەتێ.. بەدەستوپەنجەیەکی لەرزۆکەوە..

سیغارێك لە سێ شارو دە گوندی سووتاوم..

ورد ورد دەیپێچێتەوە..

لە خەمی هەموو شەڕو شۆڕە بەزۆر دۆڕاوەکانی

دوا نەفەسی نوشوستی و هەرەس..

دوا جگەرەی هەر هەموو بەزینو

رابوون و بەزین رابوونو بەزینەکانی..

ماندووانە دەیکێشێو

مردووانە دەنوێ..!